

# بیۆگرافیای ئالان تۆرین

ئا: لوقمان

- زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی لە 1925/8/3 لە ئیرمانفیل سورمیر، کالفادوس لە فەرەنسا لەدایک بووە.
- لە ساڵی 1945 چووە خوێندنگەی باڵای مامۆستایان.
- لە ساڵی 1947 هەوڵیدا لەو ژیانە داخراوەی خوێندنگە ئاساییەکان هەڵبێت.
- لە ساڵی 1947-1948 پاش گەشتێکی خوێندنگە بۆ مەجەرو تێپەڕبوونی بە یوگوسلافیادا، چوو بۆ ڤالنسیا، بەمەبەستی ئەزمونکردنی ژیانی سەخت.
- لە ساڵی 1950 چووە بنکەی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی کە بەسەرۆکایەتی (فریدمان) بوو
- لە ساڵی 1952 دەرفەتێکی لە دەزگای (روکفار) لە زانکۆی هارڤارد بۆ ڕەخساو بەهۆی ئەمە شەوە، چاوی کەوت بە (تالکوت بارسونز)، بەمەش زانین و زانیاری لەبارەی سۆسیۆلۆژیاوە فراوانکرد.
- لە ساڵی 1956 چوو بۆ شیلی و چاوی کەوت بە (ئادریانا ئاریناس) و لەهەمان ساڵدا هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجامدا.
- لە ساڵی 1958 چووە (CNRS) بۆ قوتابخانەی خوێندنی باڵا لەزانستە کۆمەڵناسیەکاندا، هەروەها کاری لە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی فەرەنسی دەکرد.
- لە ساڵی 1959 بەشداریکرد لەدامەزراندنی گۆڤاری (زانستی کۆمەڵناسی کار) دا.
- لە ساڵی 1960 بنکەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستیدا لە زانکۆی چیلی دامەزراند، بوو بە لێکۆڵەر لە (ئیکور-ئیتودیس) لە زانستدا لە پاریس
- لە ساڵی 1964 نامەی دکتۆرای بەناوی (کۆمەڵناسی بەناونیشانی کار)کە وەک نامەیەکی تەواو، لەسەر هۆشیاری کار پێشکەش کرد.
- لە ساڵی 1966 نامەی دکتۆراکەی بڵاوکردەوە.
- لە ساڵی 1969 کتێبی کۆمەڵگەی پاش پیشەسازی بڵاوکردەوە.
- لە ساڵی 1981 چوو بۆ پۆڵندا بۆلێکۆڵینەوە لەبزوتنەوە کرێکاری و هاوکارییەکان.
- لە ساڵی 1984 بۆیەکەم جار بڕوانامەی دکتۆرای فەخری لەزانکۆی (کوتشاباما) وەرگرت و تائێستاش (14) بڕوانامەی فەخری وەرگرتوە و دواترینیشیان لەساڵی (2008) بوو، کە لەلایەن زانکۆی (بابویە)ی کاسۆلیکی لەپیرۆو، زانکۆی (مایوردی سان مارکوس) لە لیمادا بوو.
- لە ساڵی 1988 خەڵاتی (amalfi) ئەوروپی بۆ زانستی کۆمەڵناسی وەرگرتوە
- لە ساڵی 1989 دژی دەرکردنی خوێنکارانی باڵاپۆش بوو لەزانکۆ.
- لە ساڵی 1998 کتێبی (ڕەخنەی مۆدێرنەی) بڵاوکردەوە، خەڵاتی (ئامالفی-Amalfi) ئەوروپی بۆ زانستی کۆمەڵناسی وەرگرت.
- لە ساڵی 2004دا دکتۆرای فەخری لە زانکۆی (فالبراسیۆ) لە شیلی وەرگرت.
- لە ساڵی 2005 کتێبی لە پێناو تێگەیشتن لە جیهانی ئەمڕۆوە بڵاوکردەوە.
- لە ساڵی 2006 دکتۆرای فەخری لە زانکۆی (نیشتمان) لە سانت مارتن و زانکۆی کۆلۆمبیای نیشتمانی وەرگرت.
- لە ساڵی 2010 لەگەڵ (زیگمون یومان) خەڵاتی زانستی مرۆیی وەرگرتوە.
- ساڵی 2013 نوێترین کتێبی لەسەر کەتیگۆرە نوێکانی جیهان و کاریگەرییان لەسەر هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەکردووە.